# تەڕ بوونی ئاو

کازم بیتوێنی/ستۆکهۆڵم



لە ڕۆخ  گوڵاڵەسورەی خۆشەویستی یەوە هاتوومەوەو
تەڕ تەڕ بە ڕۆخ ئاوەوە
لەسەر پەڕەی تەنکی تەنیاییم دانیشتووم
نم نم  بە زمانی باران و
گوڕ گوڕ بە زمانی عیشق
سەفەری جەهەننەمی خۆم  بۆ ئاو
دەگێڕمەوە
چۆڕ چۆڕ بەسەر ئاودا دەڕژێم
هەست بە تەڕ بوونی ئاو دەکەم
ئاو بە هاژەی نوێژی خۆییەوە خەریکە و
عومری بە هەڵم بووی  خۆی  دەنووسێتەوە
من خوێنێکی سەوز سەوز لە ناو ڕەگەکانی ئاودا بەدی دەکەم
بە هێواشی
سەرنج دەدەمە هەناسەی پوشکوتن و
سەرنج دەدەمە وەحشەتی هەڵوەرین
بە هێواشی
دەڵێم داخوا تەنهایی من لە پشت کام شەوەوە هەڵهاتبێ!
حەوزی تەنهایم چ شلوێ دەنوێنێ!
من بە زەمبیلەیی پڕ نورەوە  لە  شەوی خواییەکی تەنهادا  سەما دەکەم
من  بە توێی کراسی  تەنکی  تەنهاییمەوە

لە ژێر هەتاوێکی سارددا
چارەنوسم لە چارە نوسی  هیچ  پەلکە گیاییەک  ناچێت!
جاویدانیترین جادوگەر و
پیرترین فاڵچیش
وون بوونی منیان بۆ نادۆزرێتەوە!
من هەر لە ڕەگەوە  وونم......
من دەستەکانم  لە غوباری باخچەدا  پەنجە بە پەنجە  هەڵوەرین!
ئای لە  ئەوینی  خوناوەیی  گیا !

ئای لە دۆستایيەتی سادەیی باران!

** ** **

ڕەنگە من لە ڕەچەڵەکی گوڵ بم

بۆیە هێندەش دڵم لەلای سەمایی باخچەوانەکانە

هەمیشە هاوەڵی پۆلی پەپولانم و

ڕەگەزێکم دەچێتەوە سەر فڕینیان!

پیاسە پەمەیی یەکانم

لە ڕۆخ ئاوەوە دەستیان پێ دەکرد تاکو دامێنی شۆڕەبی

من هەموو ئێوارەیەک لەو کوچە بۆنخۆشانەدا

لاپەڕە تەنکەکانی بام هەڵداوەتەوە

بۆ تەڕایی ئەشکە ڕژاوەکانی خۆم دەگەڕام!

من لە لاپەڕە تەنکەکانی با دا سەدان دێڕی خوساوم خوێندۆتەوە

لە گریانی بەهاری

لە پێکەنینی پایزی

من لە لاپەڕە تەنکەکانی با دا

شەوم بینیوە ڕووناکی بۆن دەکرد

من ببوم بە تاڵێک تیشک و

لێوم نابوو بە لێوی تەنکی دەنکە شەونمێکەوە!

من هەموو ئێوارەیەک بە ڕۆخ گوڵاڵەسورەی خۆشەویستی یەوە

تەماشام  پەڕ پەڕ دەبوو

تەماشام  بەسەر هەر چەترێکدا دڵۆپ  دڵۆپ  دەگریا

تەماشام  بە پەیژەیی  مانگدا  سەردەکەوت  دەچوو بۆ تریفە چنین

من بە ڕۆخ  گوڵاڵەسورەیی  خۆشەویستی یەوە

شنەی قومێک  شەراب  دەستی دەگرتم هەتا  ڕۆخی  نەشئەی  فڕین

من  بەو پەڕی  هێمنییەوە

دڵی ساردی  پێکەکەمم  دەدواند

تا  سەرخۆشیم  نەچێتەوە  ماڵی  ڕوناکی  شێتی یەتی!

ئەودەمەی  نازی  نازنازەیەکم  دەبیست

ئەودەمەی  ڕەنگی جریوەیەکم  دەناسی یەو

پەنجەکانم  بەسەر یەکدا  هەڵدەوەرین

نەمدەتوانی  دەستە  تەڕەکانی  ئاو  بکوشم

نەمدەتوانی  تەهلیلەکانی  پەڕەسێلکەیەک  بنوسمەوە

ئاشنای یەتی  دڵۆپێک  باران و دڵۆپێک  کازیوەم  تەفسیر نەدەکرد

نهێنی سەوز  بوونی  درەختم لە  باخ  نەدەپرسی

نەمدەپرسی  سەوزترین  سەمای دارستان  کەی  دەستپێ دەکات

** ** **

دوای چارەنوسی گوڵەکەفەکان کەوتم

ڕێگایەکی پڕ نوورم لە دەریادا دۆزیەوە

کە لە تاڵەمویەکی هەتاو دەچوو

من بەدەم زریکە زریکی زکرێکی ووشکەوە ڕۆیشتم و

لە پاش خۆم نسێ ی خۆم بە با سپارد

لە پاش خۆم گۆشەیەکی دڵمم لای گوڵ جێهێشت

بە دوورگە شەوڕەنگەکاندا تێپەڕیم

تا بگەمە دورەدەستترین کەناری عیشق

قانوونی دەریا لە نەوڕەسەکان فێربووم و

لە ماسی یەکانیش سیحری سکوت!

دەریا پاکی قەوزەیی بۆ شەرح کردم و

سەدەفەکانی ناو دڵی خۆی نیشان دام

من وەکو موسافیرێکی خەیاڵ سپی

بە دوایی چارەنوسی گوڵەکەفەکاندا چووم

سەفەری من بە دەریادا

تەڕ ترین سەفەر بوو

ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای جوانی گەڕام

باکور و باشوری خۆشەویستیم پشکنی

گوێم لە نەوای هەموو ئەو گۆرانی یە کوژاوانە گرت

که دەیانویست فانۆسێک لە لاچلی درەختێکی باخچە هەڵواسن

پڕ بووم لە پەڕو پۆی پرسیار

بە نەرمی بە خۆمم دەگووت

خۆر چی دەڵێت دەمە دەمی ئاوا بوون و بەیانیان بەدەم چ ئاوازێکەوە هەڵدێت

درەختەکانی دارستان چۆن خۆشەوویستی دەکەن

کەی گمە لە گەروی کۆتردا دەخوسێت

بە نەرمی بە خۆمم دەگووت

درەنگە بۆ بارینی پەلکەزێڕینە

درەنگە بۆ وادەی هاتنی ( مەهدی)!

هەڵاتنی کەروێشکێکی توکن بە ناو چەمەنی نەعنادا

خەوتنی کولاوکوڕەیەک لە ژێر نسێ ی گوڵە گەنمێک

بارینی میهری خوداو میهری هێشوویەک ترێ ی سوور

دانیشتن لە مەجلیسی دەریاوانان

ڕشتنی کوفر بەسەر دوکەڵی ئیماندا

وەک ئاوڕدانەوەی قەرەجێکی کۆچەرین

لە شارێکی بە جێماوی ناو تەمتوومان!!

** ** **

فەرهەنگی گوڵ دەخوێنمەوە لە ناو بۆندا!

سینەم پڕ بووە لە پشکووتن

بە ڕۆخ کاڵبوونەوەی هەتاوەوەم

تەڕییێتی دڵی شەو و

هیلاکی ڕۆحی تەنهایم وەزن دەکەم

تێکەڵی ورشەی نمە با یەکی تەزیو دەبم و

دەچمە ناو خەیاڵی درەختێکی بێ ناونیشان..

تەلیسمی ئاوێنە دەرخ دەکەم و

زەغرەفەی ماچێکی کاڵ دەکێشم

من بە رۆخ ئاوەوە

ئەهریمەن دەعوەت دەکەم

لەگەڵ خۆمدا دەیبەمە ژێر هەناسەی سێوێک

نامۆیی لەگەڵدا بەش دەکەم

سەفەری لەگەڵدا بەش دەکەم

عیبادەت

عیشق

ئیمان

شێتی یەتی

قەراغی ئاوی لەگەڵدا بەش دەکەم!

لەگەڵ خۆمدا دەیبەمە ڕۆخ باخچە

تا بێ شومار گەڵایی خوێناوی ببینێ

تا بێ شومار قیژە قیژی زەمان ببیستێ

لەگەڵ خۆمدا دەیبەمە قەراخ باخچە

تەنکترین ڕازی گوڵەباخێکی بۆ دەگێڕمەوە!

** ** **

هەمیشە لە دوتوێی تەنهایی مندا پەپوولەیەک خەوتووە!

بەڵام هەیداد

من ناتوانم هێمنی پەپوولە بدوێنم

تا زمانێکی نازکتر لە زمانی گوڵ نەدۆزمەوە

من نازانم

نە نم نم بە زمانی باران

نە گوڕ گوڕ بە زمانی عیشق

ڕازێکی ڕەونەقدار بدرکێنم

کە من پشکووتوی ژێر غەزەبێکی ئەزەلیم و

دڵنیام

هیچ قیامەتێکی خۆڵاویش لە خۆیم ناگرێت!

هیشوویەک گێلاس

دەچێتەوە سەر خوناوەی ڕەگەزی موحیبەت

قەراغی ئاو دەچێتەوە سەر هێمنی پەپووسێمانە

تاو تاو تەسلیم بونی من بە خودا

دەچێتەوە سەر سۆزی میاو میاوێنی پشیلەیەکی پیر

گوڕ گوڕ عیشقی من بە خودا

ڕازاندنەوەی پێدەشتی نامۆیمە!

** ** **

لە ڕۆخ ئاوەوە چوومەتە ڕۆخ ئاگر

لە ڕۆخ ئاگرەوە چومەتە ڕۆخ ئاو

لە ڕۆخ هەردوکیاندا

من هەر ئەو گێژەڵوکەی دوکەڵەم

شێتانە خوول دەخۆم و

مەستانە با دەستم دەگرێت!

من هەر ئەو ئینجانە شووشەی یەم گوولّی یەئسم تیا ڕواوە

من هەر ئە و دەستە لەرزۆکەم کە تەرمی خۆم ڕادەکێشم

من چاوەڕوانی یەکی تفتم

لە وون بونی خۆم وەڕەس بوم

وەڕەسم وەکو گەڵایەکی وشکی دەم با

گوێم لە کرتە کرتی ورد بونی خۆمە

وەڕەسم وەک لاسکێک ڕیحانەی خنکاو لەناو بۆندا

وەڕەسیم ئایاتێکی ژەهراوی یە

وەڕەسیم موسافیرێکە بەناو شەوێکی بێ سەحەردا ڕەتدەبێ

وەڕەسیم بۆنی گوناهبارانی قیامەتی لێ دێت

خانە خانەی وەڕەسی من چ تاعونێکیان تێڕژاوە

کۆڵان کۆڵان وەڕەسی من چ ڕەشەبایەکیان لێدێت

** ** **

من دەبێ بە هێمنی ئاو بدوێنم

بە سادەیی سەفەری جەهەننەمی خۆم بۆ ئاو بگێڕمەوە

بە شێنەیی فەرهەنگی گوڵ لەناو بۆندا بخوێنمەوە

من دەبێ بەسەر ڕووی ئاوەوە ئایاتەکانی گەڵامێو بنوسمەوە

تا چڵەکانی وەڕەسیم سەوزتر بن

بێگانەم بە هەموو ڕەنگەکانی ناو پەلکەزێڕینەیەکی کڕنووش بردوو

بێگانەم بە زەمزەمەی خواناسێکی خوساو بە تاحەت

بە ئاوس بوونی لالە

بە گومڕا بوونی دەمی مردن

من لە شمشاڵی ئەو شمشاڵژەنە پیرە تێر بووم و

لە جامی بێدەنگی ئەو باغەوانە خامۆشەم خواردۆتەوە

من هەناسەکانی خۆم لە کوپەی ترێ هەڵکێشاوەو

ڕەنگ بە ڕەنگ هەلوەرینی باخچەم خوێندۆتەوە

من دەبێ ڕەگی باران بدۆزمەوە

ڕەگی تەڕییێتی و

ڕەگی بارین

من دەزانم خۆر هێشتا هەتاوی خۆی نەناسیوە

من دەزانم گوڵ هێشتا جوانی خۆی نەبینیوە

من دەزانم با بە گڤەی خۆی کەڕ بووە و

ئاوڕ لە ڕژانی گەڵایەک ناداتەوە!

من دەبێ ڕەگی با بدۆزمەوە

وەڕەسی من لەو سەری بیابانەوە دێ

لەگەڵ گەردەلوولی لم دا هەڵدەکات

من دەبێ باخچە بە ڕووتی بدوێنم و

گوڵەکان لە حەوزی گومان هەڵکێشم!

سەفەری بەفر و سەفەری ئەو هەموو سپییێتی یە

سەفەری باران و سەفەری ئەو هەموو تەڕییێتی یە

سەفەری بەهار و سەفەری ئەو هەموو سەوزێتی یە

سەفەری ڕیشۆڵەکان و سەفەری ئەو هەموو فڕینە

سەفەری ماسی یەکان و سەفەری ئەو هەموو عیشقە

**سەفەری من و سەفەری ئەو هەموو تەنهایی یە**

**من دەبێ ڕەگی عیشق بدۆزمەوە**

**ئەو دەمە لە ناوەختی کوژانەوەی ئەستێرەیەک سەر دەر دەکەم**

**من دەبێ زمانی شەو دەرخکەم**

**تا لەسەرخۆ**

**لاپەڕەی بێدەنگی بەرد بخوێنمەوەو**

**دەمی چرۆ کردنی درەخت بەخەبەر بم**

**من دەبێ خێرا ڕاکەم بەدوای خۆمدا**

**لە ڕۆخ ئاوەوە تا ڕۆخی خۆم ڕانەوەستم**

**تا بڕێکی دی پتر لە خۆم نزیکتر دەبمەوە!!**

**هاوینی** 2002